


# لەگەڵ ڕێزم بۆ د. تاریق شاکەلی
# بەرەو دواچونی ئیسلامی سیاسی یان علمانیەکان

**کاراوان اکرم - هەولێر**

ئەگەر هەموو پسپۆرەکان لەسەرجەم پرسەکاندا وەك دکتور تاریق کە پسپۆرە لە پرسی ئیسلامی سیاسیدا راستی مەسەلەکان بە پێچەوانەوە بپێکن ، ئیتر (وا وەیلا لە حاڵی مەردوم ) .. ، د.تاریق لە نوسینێکیدا هاتووە مەسەلەیەکی زۆر بە نا پسپۆریانە خستوەتە ڕوو کە زیاتر شیکردنەوەکەی حیزبیانەیە نەوەك پسپۆریانە ، کە جێی خۆیەتی وەك خۆی دەڵێت پسپۆرێك لە پرسی ئیسلامی سیاسی دا بۆ لەمەولا ورد تر شیکردنەوە بۆ مەسەلەکان بکات و خۆیشی و ئێمەیش چەواشە نەکات ، سەرەتا گرنگەئەوە بزانین کە بەرێزی مەبەستی کێیە لە ئیسلامی سیاسی ؟!! چونکە ئیسلامیەکان ئەمرۆ چەندین جۆرن !! توند ڕەو میانە ڕەو ، حزبی و کەسایەتی و رێکخراوو چەندین جۆری تر ، د.شاکەلی لەگەڵ ڕێزم کە نوسیویەتی پسپۆر لە پرسی ئیسلامی سیاسی ، لە هەمان کاتدا ئەوەی کە نوسیویەتی پێچەوانەی بۆچونی کەسێکی پسپۆرە لە پرسێك لە پرسەکاندا ، وەك ئەوەی بۆ دڵخۆش کردن یان رازی کردنی کەس و لایەنێك ئەو ووشانەی تەعبیر کردووە .. بەرێزی باسی بەرەو دوا چونی ئیسلامی سیاسی دەکات لە جیهاندا و نمونەی تورکیا و ئەردەن و ئەندەنوسیا و میسر و سودان و ئەوانەی هێناوەتەوە ، کە وەك پسپۆرێك ئەبوایە زیاتر وردەکاری بە کار بهێنایە و بیزانیایە کە ئەو حزبەی لە تورکیا دامەزرێنەری علمانیەتە و کە ئەمرۆیش هەر وەك حزبێك بەردەوامە لە کار و سیاسەتیدا و لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی تورکیا کە لە سەردەمی ئەربەکانەوە تا دەگاتە ئۆردۆغانی قوتابی ئەنجام درا ، ئەو بەرهەم هێنەرەی علمانیەت لە تورکیا دەنگێکی وەهای نەهێنا کە تەنها یەك کورسیشی لە پەرلەمانی ئەو ولاتەدا پێببەخشێت ، ئایا پارتەکانی تری تورکیا کە هەشتا ساڵ بوو حوکمی علمانیەتیان لە تورکیادا دەکرد و ولاتێکی گەورەی وەك تورکیایان بەرێوە دەبرد ئێستە چ قورسای‌یەکیان لە تورکیادا ماوە ؟! هەروەها باسی میسری کردووە و گەر بەرێزی ئاگای لە هەواڵەکان بوایە نەدەبوو ئەوەی بنوسیایە وەك پسپۆرێك و شانازی بە حوسنی موبارەکەوە بکردایە ، کە گوایە دەرچونی حوسنی موبارەك گورزێکی گەورە بوو لە ئیخوانەکانی میسر کەوت  چونکە ئیخوانی میسر تا ئێستەیش کە زیاتر لە 50 ساڵە هەن لەلایەن ئەو حزبەی موبارەك و حزبەکانی تری پێش ئەویشەوە کە لافی دیموکراتیەت لێدەدەن رێگەی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی یان پێنەدراوە و ئەو ساڵیش هیچ کەسێکیان کاندید نەکراوە بۆ هەڵبژاردنەکان .. ئەگەر بتەوێ قورسایی ئیخوانیش لەو ولاتەدا بزانیت ئەتوانیت رێژەی ئەو حزبە لە رێی سەندیکاکانی پزیشکان و ئەندازیاران و مافناسان و مامۆستایەنەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە هەڵسەنگێنی ، هەروەها بەرێزت گلەیت لە کاك مەریوان نەقشبەندی کردووە کە گوایە ئەو لە

بازنەیەکی زۆر بچوکدا مەوزوعەکانی تەرح کردووە کە بە بۆچونی بەرێزتان لە کوردستاندا هەرەشەی ئیسلامیەکان زۆر لاوازە ... دەبوو لەم مەسەلەیەیشدا وەك پسپۆرێك سەرنجەکانی خۆت بخستایەتە بەردەمی ئێمەی خوێنەر ، چونکە هەمووومان ئەزانین کە بە هەموو ئیسلامیەکانەوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 دا تەنها 5٪ یان هێنا بوو کە نەیانتوانی تەنها یەك کورسیش لە پەرلەمانی کوردستان بەدەست بهێنن ، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی رابردوی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەمووومان ئەزانین کە رێژەی زیاتر لە 10٪ تەنها لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامیەوە بەدەست هات جگە لە کۆمەڵی ئیسلامیش ، لەگەڵ ئەو هەموو تەزویر و خروقاتەی کە لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئەنجام درا بوو وە هەر 3 پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لەو 5 پارێزگایەی نێو عێراق بوون کە نێو زەد کران بە پارێزگا رەشەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەبەر بوونی تەزویر و خروقات ..

ئەوەتا ئەبینین لە سلێمانی پارتێکی گەورەی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئیمکاناتی ئیبراهیم خلیل و دەسەڵاتی حکومەتی هەولێری و خەباتی چەندین ساڵیەوە ، کە وەك خۆیان دەڵێن ئەوەندە دەنگیان نەهێناوە بەقەدەر ئەو ئیمکاناتە ماددی‌یەی کە لەو دەڤەرەدا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا هەڵیان رشتبوو بۆ کرینی دەنگەکان وە تەنها بەقەدەر یەکگرتووی ئیسلامیان هێنابوو ، کە بە یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسلامیەوە زۆر لەوەی ئەوان زیاتر دەکات .. هەروەها بەهەمان شێوە لە دەڤەری دهۆکیش یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەقەدەر دەنگی تەنها یەکگرتووی ئیسلامی نەهێنابوو ، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە بەبێ بونی کوتەك و دەسەڵات ، ئەو دوو حیزبەی ئێستەی دەسەڵات ئەو دەنگە سەیرو سەمەرەیەی کە لە پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا دەیهێنن کە لە دەنگەکانی زەمانی دیکتاتۆری عێراق و هەروەها دەنگەکانی حسنی مبارەك و بشار الاسد کە رازی نین لە رێژە بەرزەکان بێتە خوارەوە دەچێت ! ئایا ئەمە بەڵگەی بەرەو دوا چونی ئیسلامی سیاسی‌یە یان عیلمانی‌یەکان ؟!!

تەنها گلەییم لە دکتور شاکەلی ئەوەیە کە وەك پسپۆرێك بۆ کار و پسپۆریەتەکەی جوان نیە کە وردبینی و وردەکاری بە کار نەهێنێت لە نوسینەکانیدا و هیوا دارم پسپۆریەتی خۆی تەنها بۆ دڵخۆش کردنی هەندێك کەس و لایەن نەبێت بە نوسین و تەعبیر کردنی ، چونکە پێم وا بێت هەموو کەسێك ئەمڕۆ لە کوردستاندا بە رێژەیەکی پێویست پسپۆری‌یەتی هەیە لە لێکدانەوەی بارودۆخ و ئەنجامی روداوەکان ..